www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:00 2-6-2007

مادەی 140 و کەرکوکش خۆمان خۆش ... کوردێکی کەرکوک

لە سەرەتادا من سەیرم پێ دێ ئێستا وای لێ هاتووە مرۆڤێکی کورد دیفاع لە کورد و کوردایەتی بکات لە کەرکوك لە سەر کار لادبردرێت!!!! باشە سوکایەتی کردن بە 266 ئەفسەری کورد لە پۆلیسی کەرکوك سوکایەتی کردن نیە بە هەمو ملـــــەتی کورد؟ سوکایەتی کردن نیە بە حوکمەتی هەرێمی کوردستان؟ کە هەرێکێك لە و ئەفسەرانە هەموو وەزارتی ناوخوی عێراق دهێنی لە ئیش و کارەکانیان. ئەو ئەفسەرانە کە لە ماوەی چوار سال ئەمن وئاسایشی کەرکوکیان پاراستوە و خوێنیان رژاوە ئێستا سوکایەتیان پێ بکری وبکرینەوە بە پۆلیس؟ دیارە حوکمەتی مالکی خێر بەو ئەفسەرانە ئەکات کە بە پۆلیس دابمەزرینەوە! باشە وەزارەتی ناوخوی عێراق بۆ ناروا لە ئەفسەرەکانی ناو بغدا بپێچێتەوە بزانی ئەوانە ئەفسەرن یا نا؟ جونکە ئەوانە شیعەن لە ئاسمانەوە دابەزیون؟ زۆر سەیرە حوکمەتی مالکی خەڵك ئەنێرێت لە ناوەراست و باشووری عێراق بۆ کۆلیژی پۆلیس لە هەولێر و سلێمانی بۆ ئەوەی ببن بە ئەفسەر لە هەمان کاتدا بروانامەی ئەو دوو کۆلێژە ئەگەر هەڵگری ئەو بروانامەیە کورد بێت ئەوە لە لای حوکمەتەکی مالکی پەسەند نیە!! بەڕێز وەزیری ناوخۆی عێراق دەیەوێت ئەفسەرەکانی کەرکوك کە کوردن بیانێرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان یان بە پۆلیس دابمەزرێنەوە توخوا ئەمە سکویاتی کردن نیە؟ ئەمە ئیهانە کردن نیە؟ ئەمە شەرفرۆشتن نیە؟ یەکێك وەك بەڕێز لیوا شێرکۆ شاکر کە لەساڵی 1963 وە ئەفسەری پۆلیسە ئێستە بە پۆلیس دابمەزریتەوە؟ وە هەروها ئەفسەرەکانی ترش؟ ئەمەیە مادەی 140؟ ئەمەیە خۆ ئامادەکردن بۆ رفراندوم؟ ئەمەیە ئاسای کردنەوەی کەرکوك؟ وەزارەتی ناوخۆی عێراق زویر بوە جونکە لیوا شێرکۆ بەتوندی ولامیانی داوەتەوە. ئەی ئەتانەوی چی بکات؟ بگەرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان؟ دوو بارە تەرحیل بکرێت؟ او تاکە ئەفسەر بووە لە کەرکوك جەیش القودس و نەخوەی نەکردوە ئێستا تەرحیل بکرێت؟ یان بە پولیس دابمەزرێت؟ وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەیەوێت ئیهانەی خەڵکی بکات و ولامش نەدرێتەوە؟ من دەڵیم هەر دەزگایکی راگەیاندن سەربەخۆ بێت راپرسێك بکات لە ناو خەڵکی کوردستان بۆ ولام دانەوەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە سەر ئەو بابەتە من دڵنیام کە رێژەیکی یەکجار زۆر وەك لیوا شێرکۆ ولام ئەدنەوە ئەگەر توند ترنەبێت. بەراستی ئەو هەڵوێستەی لیوا شێرکۆ بەرامبەر وەزارەتی ناوخۆی عێراق هەڵوێستێکی بوویرانە بو ئەگەر بەرپرسەکانی کەرکوك و سەرکردایەتی کورد هەمان هەڵوێستیان هەبوایە بەتوندی فشاریان بکردایەتە سەر حکومەتەکی مالکی ئەوا ئەوانش نەیان دەتوانی نوسراوێکی ئاوها ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی کەرکوك بکەن نەك پشتگیری لە لابردنی لیوا شێرکۆ لە سەر کارەکی بکەن. ئەمرۆ حوکمەتەکی مالکی بە لیوا شێرکۆ و ئەفسەرە کوردەکانی پۆلیسی کەرکوك دەستی پێ کرد لەوانەیە سبێنێ داوا لە مامۆستا کوردەکانی کەرکوك بکات ئەوانەی مووچەیان لە سەر هەرێمی کوردستانە بگرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان یان بە فەرمانبەری خزمەت گوزاری داینبمەزرێنت (فراش) . ئەی ئەوختە سەرکردایەتی کورد جی ولام دەداتەوە؟ ئەگەر وەزارەتی بازرگانی عێراق ئەو فۆرمی خۆراکەی کە گوازراوەتەوە لە هەولێر و سلێمانی بۆ کەرکوك بگەرێنێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان سەرکردایەتی کورد جی دەڵێت؟

من لێرەدا دەست خۆشی لە بەڕێز لیوا شێرکۆ شاکر دەکەم دەستی ماچ دەکەم بەراستی هەڵوێستەکەی هەڵوێستێکی بوویرانەوە ومەردانە بو بەراستی لە جیاتی هەمو خەڵکی کەرکوك ولامی دایەوە ئەی دەستت خۆش شێرە کەی کەرکوك تۆ لەمێژوی ئەم شارە ناوت بە ئالتون نوسرا خۆزگە بەرپرسەکانی تری کەرکوك وەك تۆ هەڵوێستیان هەبوایە لە کورسیەکانیان نەترسانایە مادەی 140 وای لێ ناهات خوا بتبارێزێت و پایەدار تربیت بەراستی تۆ سەلماندت کە کوردێکی دلسۆزیت بۆ کەرکوك و کوردستان دیسانەوە دەستت خۆش و مادەی 140 و کەرکوکش خۆمان خۆش.

2007/5/31

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.